**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

بەپێی برگەی (1 و 5) لە ماددەی (56)ی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992 ی هەموارکراو، و لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لەدانیشتی ئاسایی ژمارە (6)ی رۆژی 2010/4/26 بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2010

## یاسای دەستەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوە و دەربڕینانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**دووەم: دەستە:** دەستەی گشتی لە هەرێم بۆ ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان.

**سێیەم: ئەنجومەن:** ئەنجومەنی دەستە.

**چوارەم: سەرۆك:** سەرۆکی دەستە.

**پێنجەم: ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان:** ئەو ناوچانەن کە لە کوردستان ـ عێراق بە پێچەوانەی واقعی مێژوویی و جوگرافی دابڕێنراون و رێکارەکانی بەعەرەب کردن و گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی لەلایەن رژێمی بەعسەوە دەیانگرێتەوە.

**ماددەی دووەم:**

**یەکەم:** بەپێی ئەم یاسایە دەستەیەك پێکدێ بەناوی (دەستە گشتی لە هەرێمی کوردستان بۆ ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان)وە کەسایەتیەکی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕی هەیە و لەباری کارگێڕییەوە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەلکێ.

**دووەم:** بارەگای دەستە لە پارێزگای هەولێر پایتەختی هەرێم دەبێ و، ئەشێ نووسینگە لە پارێزگاکانی هەرێم و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بکاتەوە.

**ماددەی سێیەم:**

دەستە ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

**یەکەم:** بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی ئەو ماددە دەستووریانەی کە پەیوەندییان بە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانە بەهاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی باڵای جێبەجێ کردنی ماددەی 140 ی دەستووری عیراقی فیدراڵ و لایەنە پەیوەندیدارەکان.

**دووەم:** هەماهەنگی و هاریکاریی کردن لە ڕێگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە لەگەڵ دەستەڵاتەکانی فیدرالی لە هەموو کارێکی پەیوەندیدار بێ بە دابین کردنی مافەکانی گەلی کوردستان بۆ دووبارە نەخشەکێش کردنی سنووری کارگێڕیی هەرێم و قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەتووان و لابردنی ئاسەوارەکانی سیاسەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزیی و بەعەرەب کردن و کۆچ پێ کردنی بەزۆر.

**سێیەم:** هاریکاری و هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدانی ناوچە دابڕاوەکان لە کوردستان ـ عێراق و بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی پرۆژەکان تیایدا.

**چوارەم:** ڕێکخستن و بەدواداچوونی کاروباری کۆچ پێکراوان و دەرکراوان لەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە.

**پێنجەم:** کۆکردنەوەی و بەدیکۆمێنت کردنی بەڵگە و ڕووداوی مێژووی پەیوەندیدار بە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان.

**ماددەی چوارەم:**

دەستە سەرۆکێکی دەبێ بەپلەی وەزیر دادەمەزرێ و، خۆی سەرۆکی باڵایەتی و بەرپرسە لەکارەکانی و ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی و سەرپەرشتی و چاودێری دەکات و لەوەوە و بەسەرپەرشتی ئەو هەموو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەك دەردەچێ و جێبەجێ دەکرێن، لەهەموو ئەو شتانەی کە پەوەندییان بە ئەرکی دەستە و دەسەڵاتەکانی و هەموو کاروبارە هونەری و دارایی و کارگێڕییەکانیەوە هەیە، ئەمەش بەپێی حوکمەکانی یاسا و، بەرپرسیشە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم:** ئەوەی بەسەرۆکی دەستە دادەمەزرێ پێویستە ئەم مەرجانەی لێ بێتەدی:

1- دەبێ دانیشتوانی کوردستان ـ عێراق بێت و لەهەرێم نیشتەجێ بێت.

2- دەبێ بەلانی کەم بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و لێهاتوویی و شارەزایی لەبواری پسپۆڕییەکەی خۆی هەبێت.

3- خوو و ڕەوشتی باش بێت و بەتاوانێکی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێ.

4- بەشداریی لەو تاوانانە نەکردبێ کە ڕژێمی بەعس نەخشەی بۆ کێشا بێت یان کردبێتی لە عێراقدا.

**دووەم:** سەرۆك بەمەرسوومی هەرێمی و لەسەر پاڵاوتنی ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێ.

**ماددەی شەشەم:**

**یەکەم:** دەستە لەم فەرمانگانەی خوارەوە پێکدێ و هەر فەرماگەیەکیش لەوانە لە لایەن فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر گشتی کە بەڕێوە دەچێت خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ لە بواری پسپۆڕیی فەرمانگەکەی و شارەزایی لە کارەکەیدا هەبێ بۆ ماوەیەك لە دە ساڵ کەمتر نەبێ و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن:

1- ەرمانگەی کارگێڕیی و دارایی.

2- فەرمانگەی یاسایی و لێکۆڵینەوەکان و دیکۆمێنت کردن.

3- فەرمانگەی پەیوەندیەکان و راگەیاندن.

4- فەرمانگەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان.

**دووەم:** دەستە راوێژکاری دەبێ و ژمارەیان لە دووان کەمتر نەبێ.

**سێیەم:** ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە هەر بەڕێوەبەرایەتیەك لە ناو پێکهاتەی دەستە بە پێی پێویستی کارەکەی لە نوێ دابمەزرێنێ یان لێکیان بدات یاخود هەڵیان وەشێنێتەوە.

**ماددەی حەوتەم:**

**یەکەم:** دەستە ئەنجومەنێکی دەبێ کە پێکدێ لە سەرۆك و بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی دەستە لەگەڵ دوو ئەندامی راوێژکار و، سەرۆك بۆی هەیە داوای نوێنەری لایەنە پەیوەندیدارەکان لە وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی هەرێم بکات بۆ ئامادە بوون لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی بە سیفەتی چاودێر و، مافی وتووێژیان دەبێ بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێ.

**دووەم:** ئەنجومەن مانگانە کۆدەبێتەوە و سەرۆك بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا داوای کۆبوونەوەیەکی کت وپڕ بکات و راسپاردەکان بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان وەردگیرێن و لەکاتی یەکسانبوونی دەنگەکان ئەو لایەنە پەسند دەکرێ کە سەرۆك دەنگی لەگەڵدا دەدات.

**سێیەم:** پێویستە لەسەر سەرۆکی دەستە راپۆرتی دەوری هەر چوار مانگ جارێك لەسەر ئەرك و کارەکانی دەستە لەڕێگای ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان بکات.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە ئەرك و پسپۆرایەتییەکانی دەستە بە پێرەوێك دەستنیشان بکات.

**ماددەی نۆیەم:**

سەرۆکی دەستە بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کرنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی دەیەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی یازدەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی دوازدەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.

**محمد قادر عبدالله**
**( د. کەمال کەرکووکی )**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**(( هۆیە پێویستیەکانی دەرچوواندنی))**

لەبەر ئەوەی دەستووری عێراقی فیدرال، بەرپرسیاریەتی گرتنە بەری هەنگاونانی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی پێویستیەکانی جێبەجێ کردنی ماددەی (140)ی دەستووری عێراقی خستۆتە ئەستۆی حکومەتی فدرالی بۆ نەهێشتنی ئاسەوارەکانی تواندنەوەی نەتەوەیی و سیاسەتی بەعەرب کردن و بە زۆر کۆچ پێکردن و گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی و، بەو هۆیەوە گەلێك ناوچە لە کوردستان دابڕێنران و بوونەتە ناوچەی ناکۆکی لەسەر و بۆ مەبەستی بەدواداچوون و جێبەجێ کردنی ماددە دەستوورییەکەی سەرەوە، ئەم یاسایە دەچووێنرا.

---

تێبینی: ئەم یاسایە بەبریاری ژمارە 2 ی سالی 2010 لەلایەن بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا.